دووباره دەمەوێت بنووسم، بەلام نازانم چی و بۆ ؟

سابات

ئەو ماوە کەمتر بیر لە تۆ دەکەمەوە یــاخود رەنگە پێت بڵێم هێندە لە خەیاڵــمەوە نزێکی ئێتر شتێک نەماوە لە تۆ دا تا من بیری لی بکەمەوە هەر کە هەناسە هەڵــدەمژم تۆ بەرەوو قولای دوا دورگەی ناخم دەجیت و لەوی بۆ ساتێک لەنگەر دەگرێت و ئەوسا بەزەردە خەنەیکەووە دووبارە دێتە دەر و تێکەڵ بە هەموو ژیانم دەبیتەوە ....

من وام کاتێک لە نێوە شـــەوێکدا موتەکەێک لە خەوێکی قول بە ئاگام دێنت هانا بۆ ئامێزت دەبەم گەر لەو پەری دونیاش بیت حەزەکەم بە ئاگات بێنم بڵیم بە سێنگتەوە بم نووسێنە ئەم زەمەنە زۆر بی رەحمە ئەو مرۆڤانە ئاسای نین

من لە هەموو شتک ئەترسم دەمەوێت پیت بڵێم تەنانەت دیوارەکانیش بە دەنگ هاتوون

من گوێم لی یە ئا ئا گوێم لێ یە ئێستا دیوارەکانیش قسەم بۆ دەکەن پێکرا دەڵێن کچی کال تۆ لەم سەر زەمینە چی دەکەیت باڵ لە باڵــندەکان قەرز بکەو بۆ هەمیشە بفرە بەڵێ بۆ هەمیشە بفرە هەرگیز لە هیچ شوێنک و هیچ سەر زەمێنک مەنیشەوە تا هەنا لە شەقەی باڵ بدە.ئای چەند سەختە دووبارە بەتەنها دەبێت گوێ لەو هەموو غەمگینەی چوار دەورم بگرم چەند دەکەم ناتوانم دەنگەکان لە نێو خۆمدا رێک بخەم و هەولدەم سەما بکەم لەگەل دەنگەکان قاقا لی بدەم چێژ لەو چرکە لێمۆیانەی نیوەشـــەو وەرگرم ئاخر چی بکەم من تەنها لە تەک تۆ هەست بە ئارامی دەکەم بەڵام تۆ لەکەناری دەریا دەچیت

چەندە شـــەپۆلیش بەهێز بێت هەر لە خۆتی دوور دەخەیتەوە..من نازانم کەی بۆ هەمیشە لەوی لەنگەر دەگرم کەی بۆ هەمیشە ســـەرخەوێک لە سەر سەرینکەی تۆ دەشکێنم ئەوکات نە هیچ موتەکەیک بە ئاگام دێنت و نە هیچ ترسێک ئەم شلژێنێت .....

تۆ پێم بلێ کەی کاتێک لە نێوە شـــەوێکی سارد و ســـر لەبەردەم پەنجەری ژوورەکەم بانگت دەکەم تۆ لەوپەری دونیاوە ولامم دەدەیتەوە و پێم دەڵێت ئازیز محببوبی دڵـــم ئێتر لە هیچ شتێک مەترسە من لێرەم ئەوتا پەنجەکانم توند لە پەنجەکانت گیر کردووە هەرگیز مەترسە من لێرەم ئا ئا لێرەم .....

سابات